سمۆرەی فڕندە

گیاندارێکی کرتێنەری شیردەرەو سەر بە خێزانی سمۆرەیە. بە زۆری لە ناوچە سەوزایی و دارستانەکانی ئاسیاو ئەمریکای باکوردا دەژی. درێژی لەشی (٢٢تا ٣٥) سانتیمەترە. چاوەکانی گەورەن. رەنگی پشتی خۆڵەمێشیەو سنگی سپییە. ئەم جۆرە سمۆرەیە هەرچەندە پێی دەوترێ سمۆرەی فڕندە، بەڵام توانای فڕینی نیە. ئەوەندە نەبێت بە هۆی ئەو پەردە تەنکەی کە بە لەشیەوەیە دەتوانێ لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر نزیکەی (٩٠) مەتر بازبدات و بە هۆی کلکە پان و درێژەکەشیەوە ئاراستەی خۆی دیاریی دەکات. بە شەو خواردن دەخوات و خۆراکیشی گوێز، بەرو، هێلکەی باڵندە، میوەو هەندێ گیانداری بچوکە. هێلانەکەی لە نێو کونی دارو درەختدایە. زاوزێیان لە مانگی نێوان شوبات و ئازاردایەو بێچووەکانیان سەرەتا لەشیان روتە، بەڵام پاش شەش مانگ دەبنە سمۆرەیەکی تەواو و نزیکەی (٦) ساڵ دەژین.

نا: دیلان